# تێکڕایی پیتەکانی دەقێک بۆ باڵای ئەحلام

گۆران سەمەد

**پوختە**

ئەمەی خوارەوە وەستانێکە لەسەر دەقە شیعری "ماچی خودایی[١] "ی شاعیر هێمن. لەم نووسینەدا هەوڵدراوە باسەکە دووربێت لەبارەی کەسایەتیی، ژیان و بەرهەمەکانی هێمنی شاعیر، بەڵکو پتر مەبەست ئەوەیە؛ وەستانێک لەسەر دەقەکە بکرێت و بیلکێنین بە ژنە نووسەر و یاخی کورد ئەحلام مەنسوور، دواتریش ئاوڕێک لە سەرەتای پێوەندیی نێوان ئەو دووانە دەدرێت. پاشان ئەو هۆکار و کاریگەرییانە دەخەینە ڕوو؛ کە بووەتە هەوێنی ئەو پێوەندییە بەهێزەی نێوانیان، کە وای کردووە هێمنی شاعیر، شیعر بۆ مەنسوور بنووسێت. پاشان تەکەز دەخرێتە سەر ئەو (دەوارە سێکس)ییەی لە دەقەکە هەڵدراوە. دواتریش باس لە لایەنی تری دەقەکە دەکرێت.

**دروستبوونی سەرەتای پێوەندیی:**

لە دەستپێکدا بۆ ئەوەی بەرچاوی خوێنەر پتر ڕۆشن بێت لەم باسەدا، بە پێویست دەزاندرێت ئاماژەیەک، یاخود

ئاوڕێکی خێرا بدرێتەوە بۆ سەرەتای یەکترناسینی هێمنی شاعیر و ژنە نووسەری کورد ئەحلام مەنسوور.
بێگومان هەرکەسێک وەختایەکی دەیەوێت شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێت لە شارێک بۆ شارێکی تر، کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەویان ناچار کردووە وەها قەرارێک بدات، ئەمەش شک هەڵناگرێت کاتێک کار دەگاتە ئەوەی مرۆڤ وڵاتەکەی جێبهێڵێت بۆ وڵاتێکی تر تا پتر ژیان بگوزەرێنێت، حەتمەن دەبێت هۆکاری مەزنتر و کاریگەرتری هەبێت.
هێمن، لە کات و ساتێکدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێدەهێڵێت، بۆ باشووری کوردستان و عێراق (بەتایبەت شاری بەغداد) سەفەر دەکات، کە دەسەڵاتی "شا[٢]" لەو کاتەدا گەیشتبووە چڵەپۆپە، بەجۆرێک ژیانی شاعیر و خەڵکانی تریش ئەستەم بوو لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە ئارام بمێنێتەوە. بۆیە بۆ هێمن، کە نیشتمانپەروەریی، ئازادیی تاکەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی لە ڕووحیدا ڕەگاژوو بووبوو، ئەستەم بوو لە ژێر سایەی ئەو سیستێمە بمێنێتەوە.
هەربۆیەشە لە ساڵی ١٩٦٨ ڕوو دەکاتە باشوور و دواتریش بەتایبەتی بەغدا، کە کۆمەڵێک هاوزمان و هاوبیری خۆی تێدا دەبینێتەوە، وەک: کامەران موکری، عێزەدین مەستەفا ڕەسوڵ و محەمەد موکری، بێگومان مەنسووریش ئەو کاتە لە بەغدا ژیاوە و یەکەمین یەکترناسینی ئەوان لەوێ دەبێت؛ لە کۆڕی زانیاریی کورد.
ئیتر لەوێوە ئەم دوو ڕۆشنبیرە کوردە، دەتوانین بڵێین: ئەو دوو یاخیبووە (یەکێکیان یاخی لە دەسەڵات و شا، ئەویتریان یاخی لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆن)، پێوەندییەکەیان درێژە دەکێشێت. هاوڕێیەتییان ئەوەندە نزیک دەبێتەوە، کار دەگاتە ئەوەی هەفتانە و چەند کەڕەت لە ماوەی کەمدا یەکتر ببینن و مامۆستا هێمن سەردانی ژووری مانەوەی ئەحلامیش بکات. گفتوگۆی جددی دەکەوێتە نێوانیان و نووسینی یەکتر دەبینن و دەخوێننەوە، بێگومان ئەو لێکنزیکبوونەوەیەش دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت، کە هێمن شارەزای ئانکو دەرک بەو ڕووحییەتە یاخییەی ئەحلام بکات و پێی سەرسام ببێت. هێمن تاکلایەنانە ئەڤینداری ئەحلام دەبێت، ئەڤینی ئەم ژنە یاخییە بە شێوەیەک لەدڵی هێمندا گەشە دەکات، تا کار دەگاتە ئەوەی، شیعرێک بە ناونیشانی "ماچی خودایی" لەبارەی ئەو ماچەی، کە لە دڵخوازەکەی کردووە بنووسێت. لەم شیعرەدا شاعیر بە وشەی "یار" دەستپێدەکات.
وەرە یارم، وەرە ئەی تازە یارم!

ئەگەر سـەیری ئەم یەکەم دێڕەی ئەو شـیعرە بکەین، دەرک بەو پێوەندییە ئەڤیندارییە تاکلایەنە قووڵە دەکەین، کە لە دڵی شـاعیردا دروسـت بووە، هەروەها دەبینین شاعیر تەواو ئاشقانە و مێرمندالانە مامەڵەی لەگەڵ سووژە نوێکەی کردووە. ئەڤینی شاعیر بۆ ژنە یاخییەک، کە عەودالی گەیشتنە پێی، تامەزرۆییانە هاواری لێدەکات و نەک بەجارێک، بەڵکە بەدووجار ناو هێنانی، وەک یار لە یەک کۆپلەی شیعرییدا بەرجەستە دەکات.

بۆ دڵبەسـتن و ئەڤینداربوون، کات و شـوێن گەرەک نییە، چونکە دەکرێت نیگایەک بەس بێت تاکو کەسـێک شـەیدا و ئەڤینداری کەسـێک بێت. لێ ئەوەی دەخوازرێت لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە؛ ئەڤینداریی و شەیدایی شـاعیر بۆ ئەڤیندارەکەی مەوداکەی نە هەند درێژە، چونکە ئەگەر سـەیری یەکترناسین و ڕێکەوتی نووسینی دەقەکەش بکەین، دەبینین ئەو دووانە زۆر خێرا پێوەندییە هاوڕێیەتییەکەیان گەشەی سەندووە، لە ساڵی (١٩٧٤) بۆ یەکەمجار ئەوان یەکتر دەبینن و لە سـاڵی (١٩٧٦)، شاعیر شیعری ماچی خودایی، کە تەژییە لە هەسـتی ئەڤینداریی، بۆی (ئەحلام) نووسیوە، واتە بە دووساڵ پێوەندییەکەیان گەیشتە ئەو جێگەیەی شیعری تێدا بنووسرێت.

ئەوە گومان هەڵناگرێت، بەهۆی ئەو هاوڕێیەتییە قووڵەی هەیان بووە، دەکرێت کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشـی وەک: (هەردووکیان بە شـێوەیەک لە شێوەکان یاخیبوون لە ناوچەکەی خۆیان، ڕووحییەتی مرۆڤدۆستیی، کراوەیی، پەرۆشیی بۆ ئازادیی، ڕۆشنبیریی هەردووکیان لەسەری هەموویەوە) لە نێوانیاندا هەبوو بێت. هەر ئەمانەش بوونەتە هۆکار، کە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبووبێت، تاوەکو لەیەک نزیکبوونەوەیان بەو ئاستە بگات. سەرەڕای ئەوەی، ئەم شیعرە لەڕووی ئەڤینییەوە هەسـت بزوێنە، لێ لەگەڵ ئەوەشـدا، کۆمەڵێک دەواری سێکییش دەبیندرێت.

## دەواری سێکس لە (ماچی خودایی)دا:

سێکس، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە بوونیادی مرۆڤەکاندا هەیە، هەموو کەسێک دەشـێ لەژیانیدا بەر ئەو ئەزموونە بکەوێت و مەیلی بۆی پتر، ئانکو کێمتر بێت. ئەدەبیش چۆنکایەکێ بەشـێکی ئێجگار گەورەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا پێکهێناوە و لەهەمان کاتیشدا بەرهەمی مرۆڤە، بۆیە ئەو ئەگەرە دێتە ئاراوە، کە لە ڕێگەی دەقەکانەوە پێوەندیی ڕەگاژووی سێکس بە ئەدەب، بدۆزینەوە. سـەخت نییە بۆ بەڵگەهێنانەوە لەم باسـەدا پەنجە بۆ دەیان نووسین درێژ

بکەین (تەقینەوەکان، شیعرهای گروپی بیت، پیاوێک مەحکوم بە مەرگ...).
ئەمە وێڕای ئەوەی لەلای شاعیرانی کوردیش، بۆ نموونە لەلای (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بەر دێڕی لەم جۆرە دەکەوین.
بۆیە گرینگە لەسەر ئەوە خاڵە بووەستین، ڕامێین و سۆفیانە بەدەوری (ماچی خودایی) هێمنی شاعیر ئیشکگیر بین و ببینین، ئاخۆ چەندە دەوار/چادرگەی سێکس لەم دەقەدا هەڵدراوە و ئاماژەیان بۆ بکەین. هێمن لە دەقەکەدا دەڵێت:

**وەرە با بسکەکەت لادا هەناسەم!**
**وەرە مەمکۆڵەکەت بگرم بە مستم**
**وەرە با هەڵمژم ئەم لێوە گەرمەت!**
**وەرە با هەڵگوشم ئەم ڕانە نەرمەت!**
**وەرە با دەست لە باڵاکەت وەرێنم!**
**وەرە کوڵمەم لە کوڵمەی تۆ بخشێنم!**
**وەرە هەست بکەم گەرمی لەشی تۆ!**

هەموو ئەو دێڕە دەربڕاوانەی سەرەوە، کە لە دەقەکە هەڵمانگۆزیوون، دەبینین ڕوون و ئاشکرا کەشێکی سێکسیی پێوە دیارە. دەربڕینی (مەمکۆڵەکت بگرم بە مستم، گەرمی لەشی تۆ، هەڵگوشم ئەو ڕانە نەرمەت، کوڵمەم لە کۆڵمەت بخشێنم) جگە لە دەوار و چادرگەیەکی سێکسیی، نامانباتەوە بۆ چ ئارامگەیەکی تر.
لێرەشدا، ئەوە دەکەوێتە بەرچاو (هێمن)ی شاعیر هەستی بە تەنیاییەکی قووڵ کردووە لەو ڕووەوە. پاشان قەشەنگیی و کامڵبوونی ئەحلام دەشێ سەرسامی کردبێت و ئەمیش نەیشاردبێتەوە، گەرەکی بووبێت لە ڕێگەی شیعرەوە پەیامەکەی فرێبکاتە بەر گوێی. لەلایەکی تر هێمنی شاعیر ئاشنایە بە جوانیی ژنی کورد و تایبەتمەندییەکانی، هەربۆیە لەو شوێنانەی تریش لێیان دواوە، هانیان دەدات و باسیان دەکات.
یاخود دەڵێت:

**وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی!**
**کە بێزاربووم لە ماچی سینەمایی!**

دەبێت شاعیر لێرەدا مەبەستی چی بێت، کە دەڵێت: ماچی ئەمجارە با ماچی خودایی بێت! ماچێکی ئەحلام مەنسوور بۆ هێمن، ڕاچڵەکین و ئاڵودەبوونێکە، کە دەشێ تا کۆتایی تەمەنیشی لە ئەندێشەی دەرنەچووبێت. دەکرێت ئەمە

بۆ خودی ئەحلامیش ڕاست بوو‌بێت، بەوەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا ئەحلام دانبەوەدادەنێت و خووزی دەخوازێ لە خۆشەویستییدا بوایە لەگەڵ شاعیر. ڕەنگە ئەو ماچە لە ڕوانگەی شـاعیرەوە کەمتر نەبێت لە ژوان و ماچی ئەو ژنانەی، ئایین باسی لێوە دەکاتن، دوای ئەوەی لە ڕۆژی لێپێچینەوە مرۆڤ ڕزگاری دەبێت بۆ بەهەشت. بێگومان دەبێت ماچی خوداییش گەلێ لە ماچی سینەمایی، کە لەسەر بنەمای نمایش و ڕۆڵبینین ئەنجام دەدرێت، لەززەتی پتر بێت و وروژانی تێدا ڕوو بدات.
سـەرباری هەمـوو ئەمانەش ئەگـەر دیقەتی شـیعرەکە بدەیـن، دەبینین، کە شـیعرەکە لەڕووی شـێوازەوە بەر جۆرێک لە پاتکردنـەوە کەوتووە، کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت.

## پاتکردنەوە

لە نووسینی شیعردا، زۆرجار لەلای هەندێک شاعیر بەر جۆرێک لە پاتکردنەوەی دەربڕینێـک دەکەوین، ئـەو دەربڕینەش هەندێک کات وشـەیەکە/پەیڤێکە، جاریش هەیە ڕستەیە، بۆنموونە لەلای مەحوی، یاخود نالی ئەو پاتکردنەویە دەبینین. هەروەها (پاتکردنەوە) لەلای شاعیری مەزن نابێت بە بەڵا و ناڕێکیی بۆ دەقەکە- بەڵکە تەکەزکردنەوە و جوانییەک، یاخود هارمۆنییەک دەدات بە دەقەکە.
ئەواتانێ لەلای شـاعیر (هێمن) لە (ماچی خودایی) سـیوپێنج جار وشەی (وەرە) بەکارهێنراوە، هەمووشـی دەلالەتە لە تامەزرۆیی شاعیر بۆ بینین و ژووانێکی لەگەڵ یاردا، کە مەبەسـت لێی ئەحلام مەنسـوورە. (وەرە یارم، وەرە ئەی تازە یارم، وەرە خاسە کەو، وەرە شەوچرای ڕووناکی ماڵە...) بەم وەرەیە دەست پێدەکات و بەوەش کۆتایی پێدێنێت. وەک بڵێی هێمن بیهەوێت بە پاتکردنەوەی وشەی (وەرە) سکاڵای نەهاتنێکمان بە گوێدا بدات.
ماوەتـەوە ئەوەش بخرێتە بەرباس و ئاوڕی لێبدەینەوە، کە هێمنی شـاعیر سـەرباری ئەوەی کەسـێکی ڕۆشنبیر و تینووی ئازادیی و جوانناس بووە، ئەوەتا خۆی لە کۆمەڵە شـیعری (تاریک و ڕوون) سـاڵی ١٩٤٥ لە شیعری (یادگاری شیرین)دا دەڵێت:
"تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەی ژن لیخنە".
ئەگەرچی شـارەزای میللەتەکەی خۆشـی بووە و کولتووری کوردیی ئەزبەر کـردووە. لەگەڵ ئەمەشـدا وادەردەکەوێت (هێمن) نەیتوانیبێت (سـەرووی

کولتوور) لەدەرەوەی ڕێسا بنووسێت، ئانکو بافرێنێت.
ڕۆژێکیان هێمنی شاعیر دەچێتە لای ئەحلام و پێی دەڵێت: (ماچی سینەمایی) نووسیوە[٣]. گوایە لەو دەقەدا (هێمن) بەشێکی لە ماچی سینەمایی بۆ ئەحلام نووسیوە، بەڵام وەک ئەحلام مەنسوور خۆی دەڵێت: "کە شووم کرد، ئەو برگەیەی کە ناوی خۆمی لەسەر بوو، بڕی[٤]"
ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە شاعیر هێشتانەکینێش ئازادنەبووە لەوەی وەک خۆی بنووسێت و بافرێنێت بەبێ لە بەرچاوگرتنی هەرچی ڕێسایە و تەنیا ئەندێشەی شاعیر ناوەندی شتەکان بێت.
لەلایەکی تر، ئەڤین ئەوەندە لە ڕووحی هێمندا ڕەگاژوو بووە، شاعیر نەیتوانیوە لە نووسینی شیعرێکیشدا خۆی لێڕابسپێنێت، ئەگەرچی ڕاستگرییەکی زۆریشی پێوە دیارە لەم دەربڕینەدا، لە دەقی (ماچی خودایی)دا هاتووە:
وەرە ئەی بوت هەتاکوو بتپەرستم!
لێروکانێ (هێمن)ی شاعیر ڕوون ئەوەمان پێدەڵێت: ئەڤین گەلێک لە ئیدیۆلۆژیی و ئایین گرینگترە، ئەوەتا تەنیا ئەگەر یار تەشریفی بێت، شاعیر دەکارێ بیپەرستێت. هەڵبەتە وشەی بوت، ئاماژەیەکیشە بۆ سەرەتاییترین قۆناغی پەرستن لەلای مرۆڤ.

# ئەنجام:

لەم وەستانە لەسەر دەقی (ماچی خودایی) (هێمن)ی شاعیر، کە بۆ ژنە نووسەری کورد ئەحلام مەنسوور نووسراوە. دەگەینە چەند ئەنجامێک:

– ئەم شیعرە جیا لەگەڵ شیعرەکانی تر، شاعیر، کە زۆربەیان فەزایەکی گشتییان پێوە دیارە بەتایبەت شیعرە نیشتمانیەکانی، وەلێ لێرەدا شیعرەکە بەئاڕاستەی یەک کەسە و بۆ ئەو/یار نووسراوە.

– لەو دەقەیە بەهۆی ئەو هۆگرییەی هێمن بۆ ئەحلام هەیبووە، بە بەکارهێنانی هەندێ وشەی دیاری کراو، وەک؛ چاوی ڕەش و ئیلهامەکەی نییوە شەوی من، سانا هەست بەبوونی ئەحلام مەنسوور دەکرێت لەو قۆناغەی ژیانی شاعیر.

– ڕاستگۆیییەکی حاشاهەڵنەگر لە شعیرەکەدا بۆ یارەکەی بەدەردەکەوێت، بەوەی هەموو دەربڕینێکی بەکارهێناوە و باکی بەهیچ نەبووە، تەنێ بۆ ئەوەی بە یار بگات.

–دەواری ئیرۆتیکیی لە دەقەکەدا ئاسان هەستی پێدەکرێت و دەشێ خودی شاعیریش مەیلی بۆی هەبووبێت.

– کۆتا شت، کە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە، ئەم شیعرە بۆ ئەحلام مەنسوور نووسراوە، لە گرتەیەکیشدا ئەحلام مەنسوور خۆی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە.

## پەراوێزەکان:

---

١- ناڵەی جوودایی، مامۆستا هێمن، ئا. وریا زراری، چ١، ساڵی ٢٠١١، ل٤٠.

٢- مەبەستمان لە دەسەڵاتی (محەمەد ڕەزا شایە)ـە، کە شای ئەو کاتەی ئێران بووە. لە ساڵی (١٩٤١) تاجی شاهەنشاهیی لەسەر نراوە. لە ساڵی (١٩٧٩) دەسەڵاتی پێدەنێتە کۆتایی. پاشان ڕژێمەکەی (خومەینی) جێگەی دەگرێتەوە.

٣- گۆڤاری ڕۆڤان، ئەحلام مەنسوور، ئاوارەبوون و دۆستایەتیی هێمنی شاعیر لەگەڵ ئەحلام، ژمارە (٩٠)، ل ٤١.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.